بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

**هەرێمی كوردستانی عێراق**
**سەرۆكایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

**بڕیار**

**ژمارە ( ١٤ ) ساڵی ٢٠٠٩**

**یاسای ژمارە ( ٧ ) ی ساڵی ٢٠٠٩**

**یاسای پەیمانگەی دادوەری هەرێمی كوردستان ـ عێراق**

بە پێی خاڵی (٢)ی بڕگەی (یەكەم) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەمواركراو و بە پاڵپشتی ئەو یاساكارییەی پەرلەمانی كوردستان – عێراق كردوویەتی لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٥) لە ٢٠٠٩/٥/٢٧ بڕیارماندا بە دەركردنی:

## یاسای ژمارە (٧) ی ساڵی ٢٠٠٩
## یاسای پەیمانگەی دادوەری هەرێمی كوردستان - عێراق

**ماددەی یەكەم:**

لەهەرێمی كوردستان– عێراق پەیمانگەیەك بەناوی (پەیمانگەی دادوەری لەهەرێمی كوردستان– عێراق)دا، دادەمەزرێ و پاوەستی وەزیری داد دەبێت.

**ماددەی دووەم:**

ئامانجی پەیمانگەكە ئەمانەیە:

یەكەم: ئامادەكردنی دادوەران و ئەندامانی ئیدیعای گشتی.

دووەم: شایاندنی دادوەران و ئەندامانی ئیدیعای گشتی ئەوانە كە لە پلەی سێهەم و چوارەمن و هێشتا لەوەزیفەدان و پارێزەران .

سێیەم: شایاندنی كادیرە یاساییە جۆربەجۆرەكان لە فەرمانبەرانی ئەنجومەنی دادوەری و وەزارەتی داد و وەزارەت و دەزگاكانی تری حكومەت و بەرزكردنەوەی كاراییان.

**ماددەی سێیەم:**

یەكەم: ئەنجومەنێك سەرپەرشتیی پەیمانگەكە دەكات پێی دەڵێن: ئەنجومەنی پەیمانگە، لەمانەی خوارەوە پێك دێت.

١– جێگری سەرۆكی دادگای پێداچوونەوە ....... سەرۆكە.

٢– گەورەترین (كۆنترین) دادوەری دادگای پێداچوونەوە ..... جێگرە.

٣– سەرۆكی ئەنجومەنی شوورای هەرێم .... ئەندامە.

٤– سەرۆكی دەستەی سەرپەرشتكاری دادوەری .... ئەندامە.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی كوردستان لە سایتی وەزارەتی داد


WWW.MOJKURDISTAN.COM

٥- سەرۆکی دەستەی سەرپەرشتکاری دادی .... ئەندامە.

٦- سەرۆکی داواکاری گشتی ( الادعاء العام ) .... ئەندامە.

٧- عەمیدێك لەعەمیدەکانی کۆلیجەکانی یاسا لەهەرێمدا کە وەزیری فێرکردنی بالاّ و توێژینـەوەی زانستی دەسـت نیشانی دەکا بـەپێی راوێـژ لەگـەڵ وەزیـری داد..........ئەندامە.

٨- بەڕێوەبەری گشتیی پەیمانگەکە بـەپێی راوێـژ لەگـەڵ وەزیـری داد..... ئەندامـە و بڕیاردەرە.

٩- نەقیبی پارێزەرانی کوردستان ........... ئەندامە.

دووەم: ئەرکوفەرمانی سەرۆك، لەکاتی پێوارییدا (غیاب) دەکەوێتە سەر شانی جێگرەکەی.

**ماددەی چوارەم:**

ئەنجومەنی پەیمانگە، لانی کەم مانگی یەك جار کۆدەبێتەوە ، سەرۆکی ئەنجومـەن، یـان سـیان لەئەندامـەکانی بۆیـان هەیـە لـەکاتی پێویـستدا داوای کۆبوونـەوە بکـەن، ئەنجومـەنیش بـە ئامـادەبوونی دوو سـێیەکی ئەندامـەکانی کۆدەبێتـەوە ، بڕیارەکانیـشی بەزۆرینـەی دەنـگ دەردەکـات، ئەگـەر دەنگـەکانیش یەکـسان بـوون، ئـەوا ئـەو لایەنـەیان دەیباتـەوە کـە دەنگـی سەرۆکی لەگەڵە.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەنجومەن ئەم ئیش و کارانەی خوارەوە دەکات:

یەکەم: سەرپەرشتیی گشتی پەیمانگەکە دەکات.

دووەم: پلان، بۆ رێکخستنی کاروبار و، پەرەپێدانی پەیمانگەکە و، سەرپەرشتیی جێبەجێ کردنیان پێشنیاز دەکات.

سێیەم: لەسەر ئەساسی بڕوانامە و لێهاتوویی و نمرە و دەستپاکی کەمەرجی یاسایین بۆ قبوڵکردن، ژمارەی داواکراو لەو قوتابیانەی پێشکەشیان کردووە بۆ پەیمانگەکە هەڵدەبژێردرێت.

چـوارەم: تاکـە تاکـەی بەرنامـەی تیـۆری و تـەتبیقی بـۆ خوێنـدن دادەنـێ و، دەرسـەکانیان دەستنیشان دەکات.

پێنجەم: وادەی دەست پێکردنـی خوێنـدن و کۆتـایی هـاتنی خوێنـدن و دەستنیـشانکردنی وەرزەکانی خوێندن و ماوەکانیان ، ماوەی پشووەکانیش دیاری دەکات.

شەشەم: رێساکانی تاقیکردنەوە، وادەکانیان ، چۆنییەتی رێکارەکان و موراقەبـەی رەوشـی تاقیکردنەوەکان دادەنێ.

حەوتەم: ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەکان ئیقرار دەکات.

هەشـتەم: بـەپێی ئیحتیـاجی و بـەپێی مامناوەنـدی (معـدل) نمرەکـانی تـەواو کردنـی پەیمانگەکـە و بـەپێی ئـارەزووی قوتـابی، سـەرکەوتووەکان تەسـنیف دەکـات کەببن بە دادوەر و ئەندامانی داواکاریی گشتی.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

نۆیەم: ڕێساكانی زەبتی (الانضباطية) بۆ قوتابیانی پەیمانگەكە دادەنیٚ.

دەیەم: پەیڕەوی ناوخۆی پەیمانگەكە دادەنیٚ.

**ماددەی شەشەم:**

ئیدارەی پەیمانگەكە، بەڕێوەبەرێكی گشتی بەڕێوەی دەبات بەمەرجیٚ قازی بێت لە سنفی یەكەم، بەفەرمانی هەرێم دادەمەزرێت لەسەر ( پێشنیازی وەزیری داد دوای ڕاگۆڕینەوە لەگەڵ ئەنجومەنی دادوەریدا ) بەمەرجیٚ سیفەتی قازێتییەكەی بۆ بمێنێتەوە.

**ماددەی حەوتەم:**

بەڕێوەبەری گشتیی پەیمانگەكە ئەم ئەرك وفەرمان و كارانەی خوارەوە دەكات:

یەكەم: بەڕێوەبەردنی كاروباری زانستی و ئیداری و دارایی پەیمانگەكە.

دووەم: جێبەجیٚ كردنی بڕیارەكانی ئەنجومەن.

سێیەم: نواندنی پەیمانگەكە، لەبەردەم دەستە ڕەسمییەكان و نارەسمییەكاندا.

چوارەم: بەرزكردنەوەی ڕاپۆرت لەبارەی ڕەوشی خوێندنەوە بۆ ئەنجومەنی پەیمانگە.

پێنجەم: هەر ئیشێكی دی كە ئەنجومەن دەسەڵاتی پیٚ بدات.

**ماددەی هەشتەم:**

یەكەم: ئەوەی لەپەیمانگە وەردەگیرێت و ئامادەكرێت بۆ قازێتی یان بۆ ئەندامی داواكاری گشتی، پێویستە ئەمانەی هەبێت:

١- پێویستە جنسییەی عێراقی بێت و شایانی تەواوەتی هەبێت.

٢- هەردوو زمانی كوردی و عەرەبی بەخوێندن و بەنووسین بەرەوانی بزانێت.

٣- پێویستە ڕەوشت و ناوبانگی باش بێت و بەجینایەتی دەسەنقەستی غەیرە سیاسی یان بەجونحەی ئابڕووبەر حوكم نەدرابیٚ و لەوەپێش لە پەیمانگە دەرنەكرابیٚ تەنیا مەگەر بەنەخۆشییەكی ناچاری و سەلمێنرا و بەراپۆرتی لێژنەی پزیشكیی ڕەسمی لەبەر هۆی ناچاری.

٤- دەبیٚ لەهەموو ئەو نەخۆشی و كەمئەندامییانە سەلامەت بیٚ كە ڕێگەی ئیشەكەی لیٚ دەگرن.

٥- دەبیٚ لە زانكۆیەكی عێراقی یان لە زانكۆیەكی بڕواپێكراوەوە بڕوانامەی بەكالۆریۆسی وەدەست هێنابیٚ، بەمەرجیٚ خوێندنی تێدا ڕێك و پێك بێت و لە (باشە)ش كەمتر نەخەملێنرابیٚ.

٦- تەمەنی لە (٤٠) ساڵ زیاتر نەبیٚ.

٧- دەبێ بۆ ماوەی (٨) ساڵ بەكردار لەدەزگاكانی وەزارەتی داد، یان ئەنجومەنی دادوەری، یان دادگاكانی پەیوەست بەوان كاری كردبیٚ، یان بۆماوەی لانی كەم لە (٨) ساڵ كەمتر نەبیٚ پارێزەرایەتی كردبیٚ یان وەزیفەیەكی یاسایی لەدایەرەكان و بەڕێوەبەرایەتییە یاساییەكانی وەزارەت و دەزگا حكومیەكاندا

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی كوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

کردبــیٚ، بەمــەرجیٚ هــەر ساڵەی لانــی کــەم (٥) دەعـوای گرتبــیٚ جـا ئــەوەی بڕوانامــەی ماجــستێری لەیاســادا هێنــابیٚ، دوو ســاڵی لــەو دوو ماوەیــە بــۆ دادەشــکیٚ ، ئەگــەر بڕوانامــەی دکتــۆرای لەیاســادا هێنــابیٚ (٥) ســاڵی بــۆ دادەشکیٚ، ئەو کارکردنەش بەر لەوەرگرتنی بڕوانامەکــان بوو بێت، یـان پـاش وەرگرتنیان هیچ فەرقــی نییە.

٨- پێویستە حــیــزبــی نەبێت یان سەر بەهیچ لایـەنێکی ســیاسی نـەبێت، ئەگـەر حیزبی بوو ئەوا پێویستە کاتیٚ بۆ پەیمانگە کە پێشکەش دەکات پەیوەندی خۆی بەحیزبەوە ببچڕێنێت.

٩- پێویستە لەتاقی کردنەوەی بە نووسین و بە زارەکیدا لەو یاسایانەدا سەرکەوێت کە ئەنجومەنی پەیمانگاکە بڕیاری دەدات.

١٠- پێویـستە لـەو رووبـەڕوو بوونـەوەیـەدا سـەرکەوێت کـە ئەنجومـەنی پەیمانگاکـە لەگەڵی ئەنجامی دەدات.

دووەم: ئـەو پارێزەرانـەی لـە پەیمانگەکـە بـۆ مەبەسـتی ئامـادەکردن و شـیاندن قبـولٚ کـراون، لەحوکمەکانی بڕگەی (٧، ٨)ی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە دەبووردرێن.

**ماددەی نۆیەم:**

ژمـارەی ئەوانـەی کـە سـالآنە وەردەگیرێـن بـۆ ئامادەکردنیـان وەك قـازی و ئەنـدامانی داواکـاری گشتی لەسەر ئەساسی پلانی ئەنجومەنی دادوەران و وەزارەتی داد دیاری دەکرێن.

**ماددەی دەیەم:**

یەکـەم: ئـەو فەرمانبـەرەی لەپــەیمانگا وەردەگیرێـت ئیجـازەی دوو سـالٚ خوێنـدن وەردەگرێـت بەمووچەی تەواو لەگەلٚ دەرماڵەکانیدا.

دووەم: ئەو پارێزەرەی لەپەیمانگاکە وەردەگیرێت، دەرماڵەیەکی مانگانە وەردەگرێت بەقەدەر ئەو مووچە و دەرمالاٚنەی کە برادەرەکانی لەوەزیفەدا وەریدەگرن، بەپێی ساڵەکانی خزمەت و بڕوانامە.

سێیەم: هـەر کەسـیٚ لەبـەر هـەر هۆیـەك لەپەیمانگـە فەسلٚ بکریٚ، زامـن دەکـریٚ بـە گەڕاندنـەوەی هــەموو ئـەو مووچـە و دەرمالاٚنـەی کـەوەری گرتـووە، مەگـەر بـەهۆی نەخۆشـی رێگـر و سەلمێنراو بە ڕاپۆرتی لێژنەی پزیشکی فەرمی.

**ماددەی یازدەم:**

یەکەم: مـاوەی خوێنـدن لـە پەیمانگـەدا چ بۆ ئامـادەکردنی قازی، چ بۆ ئامـادەکردنی ئەنـدامانی داواکاری گشتی، دوو ساڵی تەقویمییە.

دووەم: بۆ هەر ماددەیەك لەماددەکانی دەرس لەپەیمانگەدا و هەر لیٚ تویژینەوەکیش کە قوتابیان دەبیٚ پێشکەشی بکەن (١٠٠ نمرە) دادەنرێت.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

سێيەم: پلەی بچووكی سەركەوتن بۆ هەر ماددەيەك و لیٚ توێژينەوەيەك پەنجا لە سەدە (٥٠٪) بەمەرجیٚ موعەددەلی گشتی بۆ هەموو ماددە و لیٚ توێژينەوەكان لە شەست لەسەد (٦٠٪) كەمتر نەبێت.

چوارەم: (٦٠٪) نمرە، بۆ هەريەك لەماددەكانی مورافەعاتی مەدەنی و ئوسووڵی دادگاييكردنی جەزائی تاقيكردنەوەكانی نووسين و، (٤٠٪)ی تريشی بۆ هەڵسەنگاندنی ساڵانەی قوتابی دادەنریٚ.

**ماددەی دوازدەم:**

هەر كەسیٚ (٢٠) سەعات لەهەر فەسڵێكی دراسی پێوار (غائب) ببیٚ، لەپەيمانگە فەسڵ دەكریٚ، مەگەر پێوارييەكەی بەهۆی نەخۆشييەكی رێگرەوە بوو بێت، بەراپۆرتی لێژنەيەكی پسپۆڕی پزيشكی سەلمێنرابێت ، يان لەبەر هۆكاری ناچاری تر كە ئەنجومەنی پەيمانگە قبوڵی كردبیٚ، ئينجا دەتوانیٚ ساڵەكە لەگەڵ دەورەی ئايندەدا دووبارە بكاتەوە.

**ماددەی سيازدەم:**

يەكەم: لەئەنجامی كۆتاييدا، بە(مكمل) دادەنریٚ لەهەر ساڵێكی دراسيدا، هەر كەسیٚ:

١- نمرەی سەركەوتنی لەيەك ماددەدا، بۆ هەر فەسڵێكی دراسی بەدەست نەهێنابیٚ، يان لەو لیٚ توێژينەوەيەدا كەدەبیٚ پێشكەشی بكات، يان موعەددەلی گشتی بۆ ساڵێكی دراسی لە (٦٠٪) كەمتر بووبیٚ.

٢- لەتاقيكردنەوەی كۆتاييدا (دەوری يەكەم) دواكەتبیٚ بەهۆی نەخۆشييەكی رێگرەوە، كە بەراپۆرتی لێژنەيەكی پزيشكی فەرمی سەلما بێت و ئەنجومەنی پەيمانگەش قبوڵی كردبێت.

دووەم: (مكمل) لە موعەددەلی گشتيدا بۆی هەيە، يەك ماددە يان زياتر بۆ تاقيكردنەوە هەڵبژێریٚ، بۆ ئەوەی نمرەی سەركەوتن لە مەجموعدا بەدەست بهێنیٚ.

سێيەم: مكمل لەفەسڵی دراسيدا لەماددەيەكی ديراسەی تەتبيقيدا بە نووسين لەتاقيكردنەوەی موكميلەكان ئيمتيحان دەدات ، هەڵسەنگاندنی فەسڵيشی بۆ دەمێنێتەوە.

**ماددەی چواردەم:**

لەتاقيكردنەوەی كۆتاييدا، بەدەرنەچوو دادەنریٚ هەر كەسیٚ:

يەكەم: نمرەی سەركەوتنی لەيەك ماددە زياتردا، يان لەماددەيەك و لیٚ توێژينەوەی دەوری يەكەمدا بەدەست نەهێنا، يان لەيەكێكياندا و موعەددەلی گشتی.

دووەم: مكمل بووبیٚ ، نمرەی سەركەوتنی لەتاقيكردنەوەكانی موكميلاندا بەدەست نەهێنابیٚ، يان لەبەر هەر هۆيەك بەشداريی تێدا نەكردبیٚ.

**ماددەی پازدەم:**

هەر كەسیٚ لەهەر ماددەيەك لەو ماددانەی تاقيكردنەوەی تێدا دەكات گزی بكات، يان لەساڵی يەكەمدا سەرنەكەوتبیٚ لەپەيمانگە فەسڵ دەكریٚ، بەلاٚم ئەوەی لەساڵی دووەمدا سەرنەكەوێ



WWW.MOJKURDISTAN.COM

ئـــەوە دەتـــوانیٚ بـــۆ تـــەنیا یـــەك جـــار بـــەو ســـاڵە دابـــچیٚتەوە لەگـــەڵ دەوری دووەمـــدا، مەگـــەر دەرنەچوونەکەی بەهۆی گزییەوە بوو بێت.

**ماددەی شازدەم:**

دەرچوانی پەیمانگەکە دەکریٚن بەم دوو پلەیەی خوارەوە:

یەکـــەم: پلـــەی (أ): هـــەموو ئەوانـــە دەگریٚتـــەوە کـــە موعـــەددەلی هـــەموو ماددەکانیـــان و لـــیٚ تویٚژینەوەکەیان بۆ هەردوو ساڵەکە لە(٨٠٪) کەمتر نییە ، یەك ساڵیشی پـیٚ دەدریٚ بۆ مەبەستی زیادە و تەرفیع.

دووەم: پلـــەی (ب): هـــەموو ئەوانـــە دەگریٚتـــەوە کـــە موعـــەددەلی هـــەموو ماددەکانیـــان ولـــیٚ تویٚژینەوەکـەیان دەکاتـە (٧٠٪) حـەفتا لەسـەد و تـا (٧٩٪) حـەفتا و نـۆ لەسـەد بـۆ هـــەردوو ســـاڵەکە، مـــاوەی (٦) شـــەش مانگیـــشیان بـــۆ مەبەســـتی زیـــادە و تـــەرفیع پیٚدەدریٚت.

**ماددەی حەڤدەم:**

سـەرکەوتووەکان لـەکۆتایی ساڵی دووەمـدا تەسـنیف دەکـریٚن بۆ قـازی و ئەنـدامانی ئیـدیعای گشتی بەپیٚی پیٚداویست و بەپیٚی نمرە و ئارەزوو.

**ماددەی هەژدەم:**

دەرچـووی پەیمانگـە بـەپیٚی فـەرمانی (مرسـوم) هـەریٚم دادەمـەزریٚ، لەمەنـسەبی قـازی سـنفی چـوارەم ئەگـەر بـۆ قـازیٚتی شـیاو کرابـوو، یـان بـە وەزیفـەی جیٚگـری داواکـارە گـشتی لەسـنفی چوارەم دادەمەزریٚ ئەگەر بۆ ئەم وەزیفەیـە شـایـان کرابوو، ئەوەش بە مووچە و سنف و ئەو پلەیەی کەبەپیٚی بڕوانامەکە و خزمەت و ئیش و ئەو (قدم)ەی کە بەپیٚی حوکمەکانی ئەم یاسایە پیٚی دەدریٚ. ماوەی خویٚندن لە پەیمانگەکەدا بە مومارەسە دادەنریٚت بۆ مەبەستی دامەزرانـدن و دیاریکردنی مووچە بۆ کەسیٚك کە خاوەن وەزیفە نەبیٚت.

**ماددەی نۆزدەم:**

کەســیٚ ئـەم پەیمانگەیـە تـەواو بکـات بڕوانامـەی (دبلـۆمی بـەرز)ی لـە زانـستەکانی دادوەریـدا پیٚدەدریٚ کـە دان بـەوەدا دەنـیٚ کـە پیٚداویـستیەکانی خویٚنـدنی پەیمانگەکـەی تـەواو کـردووە و تەقدیرەکەشی تیٚدایە و ئاماژەش بە زنجیرەی دەرچوونەکەشی دەکات.

**ماددەی بیستەم:**

هیچ قازییەك یان جیٚگریٚکی داواکاری گشتی دانامەزریٚ، دوای دەرچوونی ئەم یاسـایە، مەگـەر لەپەیمانگـەی بـەرزی قازییـەکان دەرچـوو بـیٚ، یـان لەهـەر پەیمانگەیـەکی قـەزائیی هاوشـانیدا لەعیٚراق دەرچوو بیٚ.

**ماددەی بیست و یەکەم:**

بـەدەر لـە حـوکمی مـاددەی بیـستەم لـەم یاسـایە، دامەزرانـدنی قازییـەکان و ئەنـدامانی داواکـاری گشتی، بـەپیٚی حوکمـەکانی یاسـای دەسـەڵاتی دادوەریـی بـەرکار لەهـەریٚمی

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

كوردستان– عێراقدا دەبێت، تا تەواوكردنی دەورەی یەكەمی پەیمانگەی دادوەری كە بەپێی ئەم یاسایە دامەزراوە.

**ماددەی بیست و دووەم:**

وەزیری داد بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانكردنی جێبەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**ماددەی بیست و سێیەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران، لایەنە پێوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.

**ماددەی بیست و چوارەم:**

كار بەهیچ دەقێكی یاسایی یا بڕیارێك ناكرێ لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایەدا پێچەوانە بێت.

**ماددەی بیست و پێنجەم:**

ئەم یاسایە لەرۆژی بڵاوكردنەوەی لەرۆژنامەی ( وەقایعی كوردستان )ەوە جێبەجێ دەكرێت.

**مسعود بارزانی**

**سەرۆكی هەرێمی كوردستان ـ عێراق**

**هەولێر**

**٢٧/ جۆزەردان/ ٢٧٠٩ ی كوردی**

**٢٤/ جمادی الثانی / ١٤٣٠ ی كۆچی**

**١٧/حوزەیران / ٢٠٠٩ ی زایینی**

## هۆكاری دانانی ئەم یاسایە

لەبەرئەو پەرەسەندن و پێشكەوتنەی لەهەرێمی كوردستان ـ عێراق، لەبواری بەكارهێنان و دامەزراندنی دەزگا دەستوورییەكاندا ڕوویداوە ، لەبەر ئەوەش كە یاسای دەسەڵاتی قەزاوەت ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ دەرچووە، كە لەحەقیقەتدا بەهەنگاوێكی نەوعی گەورە دادەنرێت لەرەوتی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری لەهەرێمەدا ، بۆ پەیداكردنی هاوگونجان لەگەڵ ئەو پەرەسەندن و پێشكەوتنەدا بۆ بەهێزكردنی ئەو ڕەوشەو لەپێناوی پەیداكردنی كادێرێكی زۆری خاوەن عیلم و زانست و پیشە بۆ ئەو دەزگایانە، وەك قازی و ئەندامانی داواكاری گشتی كە بتوانن ئیشی سەرشانی خۆیان بە لێزانی و توانایی و لێهاتوویی ببەنە سەر، بۆ پێشخستن و بەرەوپێش بردنی كەفائەتی ئەو قازی و ئەندامانی ئیددیعای گشتییەكە هێشتا لەخزمەتدا كاردەكەن و لەپێناوی بەرزكردنەوەی ئاستی زانستی و یاسایی ئەو كارمەندانەی كە لەو دەزگا قەزاییانەدا كاردەكەن و لەو دەزگا عەدلییانەدا تێدەكۆشن ، لەپێناوی بەرزكردنەوەی كەفائەت و لێهاتوویاندا، بۆ ئەوەی بتوانن پۆستی جۆربەجۆرەكانی دادوەری وەربگرن ، لەپێناوی پەرەپێدان و پێشخستنی ئاستی یاسایی ئەو كارمەندانەی لەدەزگا فەرمییەكان و نیمچە فەرمیەكاندا لەهەرێمدا كاردەكەن وبەرزكردنەوەی ئەوای پارێزەرانیش بە بەدیهێنانی هەموو ئەو ئەمانجانەدا، ئەم یاسایە دانرا.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائیعی كوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM